**بەش/ فەلسەفە**

**کۆلێژ/ ئاداب**

**زانکۆ/ صلاحەددین**

**بابەت / تیۆری زانینی زانستی**

**پەرتووکی کۆرس – قۆناغی سێیەم/ سمستەری دووەم.**

**ناوی مامۆستا / د. نبز عزیز احمد**

**ساڵی خوێندن: 2023- 2024**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١- ناوی کۆرس | تیۆری زانین |
| 2- ناوی مامۆستای بەرپرس | د. نبز عزیز احمد |
| 3- بەش/ کۆلێژ | فەلسەفە/ ئاداب |
| 4- پەیوەندی | ئیمێل:nabaz.ahmad@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن (07504347838): |
| 5- یەکەی خوێندن بە سەعات لە هەفتەیەک. | ٣ یەکە، بابەت/ تیۆری زانین<br>پراکتیک: بابةتةكة تيورية ٦ كاتژمێر |
| ٦. ژمارەی کارکردن | بۆ نموونە تیۆری: ٦ يةكة، بابةت / تیۆری زانین<br>پراکتیک: تەنها بابەتە تیۆرییە.<br>خشتةى وانةكانى هةفتة |
| | (see schedule below) |
| 7. کۆدی کۆرس | |

| | 8,30 | 9,30 | 10,30 | 11,30 | 12,30 | 30 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شةممة | | | | | | |
| يةك شةممة | | | | | | |
| دووشةممة | تیۆری زانین | تیۆری زانین | تیۆری زانین | تیۆری زانین | | |
| سێ شەممە | تیۆری زانین | تیۆری زانین | سیمیناری کۆلێژ | سمیناری بەش | | |
| چوار شەممە | | سەرپەرشتیاری توێژینەوە | سیمیناری کۆلێژ | سەرپەرشتیاری توێژینەوە | | |
| پێنج شەممە | | | سەرپەرشتیاری توێژینەوە | سەرپەرشتیاری توێژینەوە | | |

| | |
|---|---|
| **8. پرۆفایەلی مامۆستا** | بروانامەی بکالوریوس لە پسپۆری کۆمەڵناسی ساڵی (٢٠١٠ ) لەبەشی کۆمەڵناسی /کۆلیژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەددین .<br><br>بروانامەی ماستەر لە پسپۆری کۆمەڵناسی لة سالی(٢٠١٥) لەبەشی کۆمەڵناسی/ کۆلیژی ئاداب/ زانکۆی ئەسکەندەرییە/ مصر.<br><br>بروانامەی دکتۆرا لە پسپۆری کۆمەڵناسی ساڵی (٢٠٢٤ ) لەبەشی کۆمەڵناسی /کۆلیژی ئاداب / زانکۆی سەلاحەددین .<br><br>لە ساڵی ( ٢٠١١) وە لە کۆلیژی ئاداب / زانکۆیسەلاحەددین بەردەوامە لە خزمەتکردن بە رەوتی زانست و خوێندن و پێگەیاندنی قوتابیان و نەوەی دوارۆژ. |
| **9. وشە سەرەکیەکان** | 1 - تیۆر.<br>2 - تیۆری زانستی.<br>3 - مەعریفەی زانستی.<br>4 - زانست.<br>5 - مەعریفە.<br>6 - توێژینەوە.<br>7 - توێژینەوەی زانستی.<br>8 - میتۆد و میتۆدی زانستی. |

10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

لەم کۆرسەدا هەوڵدەدرێت نرخ و بایەخی زانست و مەعریفەی زانستی رونبکرێتەوە، تاکو بزانین ئایا زانست و مەعریفەی زانستی چی رۆڵێکیان هەبووە لە پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتیدا، مرۆڤ چۆن هەوڵی بەردەوامی داوە بۆ زاڵ بوون بەسەر سروشت و دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان لە سروشتەوە، چۆن مرۆڤ توانی کەرەستەی خاوی سروشتی بگۆرێ بۆ کاڵا بەرهەمهاتووەکان و لە ژیانی رۆژانەیدا سوودی لێوەربگرێت.

ئایا زانست، رێگایەکە بۆ بەرهەمهێنان و رێکخستنی زانیاری لە سەر جیهانی سروشتی و دەورو بەری مرۆڤ، ئایا زانست یارمەتی مرۆڤایەتی داوە کە چۆن بتوانێ بەردەوام بەشێوەیەکی راست دروست ڕاڤەکاری و لێکدانەوە و پێشبینی ئەزموون روداوەکانی جیهان بکات؟

خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی زانست و مەعریفەی زانستی چین وا جیای دەکاتەوە لە جۆرەکانی دیکەی مەعریفەی مرۆیی، زانست چی بە ژیانی مرۆڤایەتی بەخشی و لە بەرامبەریشدا چی لە ژیانی مۆرڤایەتی بردووە

و پێشکەوتنە زانستیەکان تەنها بە ئاراستەی سود گەیاندن بە ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕێی کردووە یان دوو لایەنە بووە و زیانیشی هەبووە.

**11. ئامانجەکانی کۆرس:**

ئاشناکردنی قوتابیان بە چەمکی تیۆری زانین و زانست و مەعریفەی زانستی و چییەتی زانست، دواتریش مانا و پێناسەی چەمکی ڕێبازە زانستیەکان و زانین لەسەردەمی کۆن لە نیوان لاهوت و فەلسەفەدا هەروەها زانین لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست ، سەردەمی نوێدا، واتە پەرەسەندنی هزری مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو.
ئاشنا بوونمان بە رۆڵی زانایان لە بەگژدا چونەوەی رەوتە نازانستی و مەعریفەی چەوتدا و راستکردنەوەی مەعریفە چەوتەکان و خستنە رووی راستیەکان لە ڕێگای توێژینەوە زانستیەکان و هەوڵە بەردەوامەکان،- پێشکەشکردنی کۆمەڵە تێزێکی فیکری- فەلسەفی لە چوارچێوەی بابەتەکانی تیۆری زانین، بە مەبەستی ئەوەی دواتر قوتابی بتوانێ هزری شیکاری و ڕەخنەگری لەکاتی توێژینەوەی فەلسەفی دا بەکاربهێنێ، نەک تەنها پشت بەو بیر و هزرانە ببەستێ کە فەیلەسوف و فەلسەفەکارانی پێشوو خستویانەتە روو.

**12. ئەرکەکانی قوتابی**

پێویستە قوتابی بەردەوام کاری گەران و سۆراغکاری بکات لەسەر بەدەستهێنانی مەعریفەی نوێ و چالاکانە و بابەتیانە بەشدار بێت لە وانەکان بە شێوەیەکی کردارەکی لە ڕێگای خستنە رووی بیر و بۆچونەکانی خۆیی پێشکەشکردنی ئەو زانست و مەعریفەیەی لە ئەنجامی هەوڵ و سۆراغکاریدا بە دستی هێناوە، لە لایەکی دیکەوە قوتابی پێویستە بەشداری تاقیکردنەوەکان بکات، چی تاقیکردنەوەی مانگانە یان ئەو تاقیکردنەوەی کورت و خێرای رۆژانە بۆ ئەوەی ئاستی هەلبسەنگێنرێ و دیاریکردنی ئاستی و کۆکردنەوەی نمرەی کۆششی ساڵانەی.
پێویستە قوتابی کتێبێکی دیاریکرا و بخوێنێتەوە نزیک لە بابەتی وانەکان و دواتر لە سمینارێکدا پوختەیەک لە بۆ چۆنی خۆی لەسەر ئەو کتێبە پێشکەش بکات.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

**لێرەدا مامۆستا هەموو ڕێگە و گشت هۆ و پێناوەکان دەگرێتە بەر بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە بابەتەکان بگات بە قوتابی لە ڕێگای بەکارهێنانی داتاشۆ نەخشەو نوسینی ناو و ساڵە پێوستەکان لە سەر تەختەی سپی و دەربارەی بابەتەکە.**

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

لەم بابەتەدا هەڵسەنگاندنی مامۆستا وەستاوە لەسەر ئەم پۆەرانەی خوارەوە :

1_ تاقیکردنەوەکانی مانگانە ( ٣٠ ) نمرەی بۆ تەرخانکراوە .

| |
|---|
| 2_ پێشکەشکردنی سمینار(٥) نمرەی بۆ تەرخانکراوە<br>3_ چالاکی و بەشداریکردنی قوتابی لەناو هۆڵی خوێندن و کویزەکان ( ٥) نمرەی بۆ تەرخانکراوە . بەو هەلسەنگاندنەش (40) نمرەی کۆششی ساڵانە بۆ قوتابی دەردەچێت |
| **15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**<br>• بەو پێیەی بابەتەکەی ئێمە تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتیەکان ئەوەندە ڕەبتی نیە بە بازاری کارەوە ، بەلام لە هەمان کاتدا لەو کورسە قوتابی فێر دەبێ چۆن بەدواداچون و توێژینەوە بکات ، هەروەها ئاشنا دەبێ بە فەلسەفەی کۆمەڵایەتی، ئاشناکردنی قوتابیان بە چەمکی فەلسەفە و چییەتی فەلسەفە، ، دواتریش مانا و پێناسەی چەمکی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و ڕەهەندەکانی و سڕینەوەی ئەو تێگەیشتنە سەرەتاییەی کە لە زەینی بەشێک لە قوتابیان بوونی هەیە ،پەرەسەندنی هزری مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو وە پێشکەشکردنی کۆمەڵە تێزێکی فیکری- فەلسەفی لە چوارچێوەی کۆمەلایەتی، بە مەبەستی ئەوەی دواتر قوتابی بتوانێ هزری شیکاری و ڕەخنەگری لەکاتی توێژینەوەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی دا بەکاربهێنێ. |
| **16. لیستی سەرچاوە**<br>**1- فەلسەفەی زانست، د.حسن جباری.**<br>**2- بنەرەتییەکانی فەلسەفەی کۆمەلآیەتی و فەلسفەی نوێ لە ئەوروپا،ث.د.عبدالحمید عزیز.**<br>**3- تیۆری زانینی زانستی، د. حمید عزیز.**<br>**4- فەلسەفە ،پیش فەلسەفە تا مردنی نیچە، فوئاد سدیق.**<br>**5- ئیسحاق نیوتن سەرکردەی شۆرشی زانستی.**<br>**6- ابستمولوجیا، غاستون باشلار.**<br>**7- الثورة العلمیة، لورن ام برینسیبیة.**<br>**8- تاریخ الفکر الاجتماعی، د. محمد احمد بیومی.**<br>**9- تاریخ الفکر الاجتماعی، د. غریب سید احمد.**<br>**10- اصول الفکر والبحث الاجتماعی، د. جمال محمد.**<br>**11- اصول البحث العلمی، د.ماهر عبدالقادر.** |

| **17. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
|---|---|
| پرۆگرام وناوەرۆکی بابەتی / تیۆری زانین<br>قۆناغی سێیەم/<br><br><u>پرگرامی بابەتەکان:</u> | |

| | |
|---|---|
| | پێشەکیەک لەسەر بابەتەکان بە گشتی.<br>ڕۆڵی شارستانیە جیاوازەکان لە پێشکەوتنی زانستیدا.<br>زانست چیە؟<br>ئامانج و خەسڵەتەکانی زانست چین؟<br>مەعریفەی زانستی و تایبەتمەندییکانی.<br>تیۆری زاسنتی مەرج و توخمە پێکهێنەرەکانی.<br>مێژووی توێژینەوەی زانستی.<br>بەدەست هێنانی مەعریفە لە چاخی کۆن.<br>توێژینەوەی زانستی لەسەدەکانی ناوەراست.<br>توێژینەوەیزانستی لەسەردەمی نوێ.<br>میتۆدی زانستی قۆناغەکانی پەرەسەندنی.<br>ڕۆڵی زانست خوازانی وەک کیپلەر، کۆپەرنیکۆس، گالیلۆ، نیوتن.<br>کاریگەری زانست لەسەر ژیانی مۆرڤ.<br>مەعریفەتناسی لەسەدەکانی ناوەراست و سەردەمی ڕێنیسانس و سەردەمی نوێ.<br><br>ئیمانوێل کانت: بارگۆرینی کۆپەرنیکۆسیانە.<br>پراگماتیزم: ئامانج ئامراز رەوا دەکات.<br>هۆسرێل ئایدیالیزمی ترانسندێنتالی. |
| | 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) |
| | **وانەکان لە بەشەکەی ئێمە زارەکین و وانەی پراکتیکی نیە** |

**19. تاقیکردنەوەکان**

- **باس لە** چەمک و **کرنگی** تیۆری زانین **بکە؟**
- تایبەتمەندیەکانی مەعریفەی زانستی چین؟
- ڕێبازە فەلسەفیەکان لە پرۆسەی زانیندا چۆن باس لە زانینی ڕاست و دروست و دلنیایلیکراو دەکەن؟
- ئامانجەکانی زاستن چین باسیان بکە؟
- مەبەست لە بارگۆرینی کۆپەرنیکۆسیانەی زانین چیە لای کانت؟
- بارودۆخی توێژینەوەی زانستی لەسەدکانی ناوەراست رون بکەرەوە؟
- بۆ لە ریبازی پراگماتیزمدا دەوترێت ئامانج ئامراز رەوا دەکات ؟
- چەمکی زانست و تیۆری زانین بناسێنە و بەکورتی جیاوازی هزری فەلسەفەکاران لەم بارەیەوە باس بکە.
- **ڕۆڵی زانینی فەلسەفی چیە لە ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا.**